# تەڵەی "هەڵبژاردن"



خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk

هەراو هوریای هەلبژاردن کەوتۆتە ڕێی و بازاری بەلیندانی درۆی لایەنەکانی بەشدار تا دیت گەرم دەبی، خەلك ودەنگەکانیان کەهەمیشە جیگای فرامۆشکاری و خستنەلاوەی هەر ئەوحیزبانەبووە کەلەهەلبژاردنەکاندا بەشدارن، کەچی ئەم رۆژانە بۆتە جیگای سەرنجی هەمووان. بەرنامەی هەلبژاردنی ئەحزابەکان کالای بەلینی درۆ بەلیشاو وبەنرخیکی یەکجار هەرزان لەبەردەم خەلیکدا هەلدەریژن. سەران و کاربەدەستانی ئەحزابی دەسەلاتدار، کەتادوینی بەچاوی غەزەب و سوکی‌یەوە دەیانروانی یە خەلك و کارمەندانی ژیر دەستیان، ئەمرۆ بەزمان لوسی و زەردەخەنەی ریکاری و فرمیسکی تیمساحانەوە، بەخۆشی و غەمەکانی خەلکدا دەچنەوە!! هۆلەکان سیخناخن، قەلاچوالان و صلاحەدین، کاروان سەرای پیشوازی رۆشنبیران وماموستاو خانەدان و سەروك عەشیرەتەکانن، مزکەوتەکان و نمازی جومعە دەنگی مەلای نخنکاندووە. ئەمجارەیان سەروکی حیزب  و مەلا خۆی کەمپینی بانکهیشتنی خەلکی بۆبەشداری لەهەلبژاردندا، بەدەستەوەگرتووە... بەراستی چ بازاریکە و چ هەلبژاردنیکە؟! هەمووان بەلین دەدەن و هاوردەکەن: "دەنگت زیرە مەیفەوتینە"، چارەنوسمان لەودیو صندوقەکانەوەیە"،" دەنگ بدە بەهەق ، دەنگ بدە بەئیسلام"، " دەنگ بدە بەحیزبی خاوەن 200هەزار شەهید"، " یەکپارچەیی خاکی عیراق و فیدرالیزم پیویستی بەدەنگی تۆهەیە.. مەیفەوتینە" ، "دەنگ بدە تا کورسی‌یەکانی کورد، لەپەرلمانی عیراقدا زیاد ببی"... بەم جۆرەش سەرکەوتنی هەرلایەنیك لەوەدایە کەتاچەند دەتوانی درو بکاو بەلین بدا و خەلکی فریوبدا تادەنگەکانیان لیبدزی و پاشان بەدەستی بەتالەوە بەرەو مالەوە بیاننیریتەوە. بەلام بەرژەوەندی خەلك لەکوی دایە؟ **ئایا بەراستی ئەو حیزب و لایەنانەی بانگەشەی هەلبژاردنەدەکەن شایەنی ئەوەن خەلکی دەنگی خۆیان پیبدات؟ ئایا بەشداری خەلك لەم هەلبژاردنانەدا چ ئاکامیکی دەبی بۆدوارۆژیان؟..**

**بۆوەلامی ئەم پرسیارانە وەرن باپیکەوە بەکەرنەڤالی لایەنەکان و کارنامەی هەلبژاردنەکاندا گوزەریك بکەین و بزانین چی دەچنینەوە:**

## ئەمریکاو کارنامەی هەلبژاردن :

لەپیشیانەوە ئەمریکای باوکی دیموکراسی و داهینەری هەلبژاردنەکانی رۆژهەلات و عیراق راوەستاوە، کەسالانیکی زۆر بەبەهانەی "لاوازکردنی رژیمی بەعس" یەك کۆمەلگای 20 ملیۆنی لەگەمارۆی ئابووریدا راگرت و برسیتی ونەبوونی وهەژاری تائەوپەری خۆی برد. دواتریش بەناوی"رزگاری عیراق لەدەست دیکتاتۆر" جەنگیکی خۆیناوی بەسەر خەلکدا داسەپاند و سەدان هەزار کەسی بردەنیو مەرگ و ژیانی ئاوارەیی و بیدەرەتانی‌یەوە، لەوەش زیاتر دەرگای لەبەردەم دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی و تیرۆر و تەقاندنەوەیاندا، خستە سەرپشت و ئەمانەش تەنوری "شەری تیرۆریستانیان" لەهەموولایەکەوە لەسەرژیانی خەلکی بیدیفاعدا گەرمکرد. نائەمنکردنی ژیانی رۆژانە، پەلاماردانی ماف و ئازادی‌یەکانی خەلك، سەرکوت وفتوای  ژنان و لاوان و خەلکی مەدەنی و پەلاماردانی هەرجۆرە بەهایەکی شارستانی، لیشاوگرتنی بیکاری و نەداری و کۆنەپەرستی ئیسلامی وعەشیرەتی، تا کاول بوون وهەلەتەکاندنی بنەمەکانی کۆمەلگای مەدەنی.. ئەمانە هەموویان بەرهەمی جەنگ و داگیرکاری‌یەك بوون کە ئەمریکا بەناوی دیموکراتیی‌ەوە، بۆژیانی خەلکی زیادکرد، ئەوەی ئەمریکا بەجەنگەکەی بەلایەکی وەك صدامی لەناوبرد بەلام دەیان دوژمنی تری هاوتای صدام  و سەدان بەلای تری رووبەرووی خەلکی عیراق کردەوە. لەئیستاشدا کەئەمریکا دەیەویت ئەم بارودۆخە تالەی خەلك بە"دیموکراسی و هەلبژاردن " تەبریربکا، شتیکی تر ناکات لەوە زیاتر کەبۆ دەرکیشانی قاچی خۆی لەزەلکاویك کەتی‌ی کەوتووە، دەولەت ودەسەلات لەنیوان دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامی وعەشیرەتی لایەنگر بەسیاسەتەکانی خۆی لەسەر شیوەی ئەفغانستان دابەشبکاو ئەوانیش دواتر بەربداتە گیانی خەلکی.  ئەمەش شتیکی زیاتری لیناکەویتەوە کەخەلکی عیراق لەبریاردانی حکومەتیکی سکولارو دامەزراو لەسەر بناغەی مافی هاولاتی یەکسان بۆهەمووان دەستکۆتا بکاو یەکسەرەش سەرجەم ماف وئازادی‌یە  فەردی و مەدەنی‌یەکانیان  بەیەکجاری بسریتەوە.

## ناسیونالیزمی عەرەبی، " هەلبژاردن" وخەونەکانی :

رووخانی رژیمی بەعس شکستیکی کاریگەری بەسەر ناسیونالیزمی عەرەبیدا داسەپاند. بەلام ئەم شکستە هەرئەوەندە نی‌یە کەحکومەت ودەسەلاتی لەدەست ئەم بزووتنەوەیە وەرگرتبیتەوە، بەلکو هەموو ئەو هەولانەی کەناسیونالیزمی عەرەبی لەسەر ریگای زامن کردنی یەکپارچەیی خاکی عیراق وخەلکیك کەبە ئایدۆلژیای پۆپۆلیزمی عەرەبی‌یەوە یەکگرتوو راگرتبوو، تەنانەت سیستەمیك لەناوەندیتی دەسەلات وتوافقاتیك کەلەژیر رەحمەتی ئستبدادی قەومیدا بۆ شکلدان بەپەوەندی‌یەکانی نیوان کاروسەرمایەدا، پیکی هینابوو، هەموویان بەهەواداچوون.  لەحالەتیکی

واشدا "هەلبژاردن" بۆ ناسیونالیزمی عەرەبی ریگایەك نییە بۆبەدیهنانی بچوكترین ماف وئازادی خەلك، بەلكو ریگای گیرانەوەی میژوویەكە بۆسەرژیانی كۆمەلگایەك كەخەلكەكەی جگەلەتراژیدیاو كارەساتی تال هیچیان لینەچنیوتەوە. ئیستبداد وجەنگ وسەركوت ، بیمافی ونەبوونی هەرچەشنە ئازادییەك، بیكاری و نەبوونی وچەوسانەوەی لەرادەبەدەر، فاشیسزم وقەومپەرستی... ئەمانە گۆشەكانی كارنامەیەكن كەرژیمی بەعس بەمیرات لەپشتی باوانەوە بۆ عەلاوی ویاوەرو نمونەكانی وەك ئەوانی بەجی هیشتووە. ئاخر بی هۆنییە كەئەمانە هیشتا دەستیان بەداری دەسەلاتەوە نەچەسپیوە، خەریكی نەعرەتەی قەومین و لەبەرامبەر داوای خەلكی كوردستان بۆ ریفراندۆم و جیابوونەوەدا، پەنجەی هەرەشەی جەنگ وپەلامار بۆسەرشارەكانی كوردستان هەلبرن. بەمجۆرەش ناسیونالیزمی عەرەب ورەوتەكانی هەلبژاردن بۆیان بەردەبازی پەرینەوەیە بۆكارنامەیەك كەرژیمی بەعسی لەسەر دامەزراوە.

## ئیسلامی سیاسی، "هەلبژاردن" لە پیناو ئیسلام وشەریعەتدا :

تیرۆرو تۆقاندن، هەرەشەو فتوا، بەتەنها كافی نییە بۆئەوەی ئیسلامی سیاسی حوكمی خوا لەسەر زەوی بەمەلا وئاخوندەكان بسپیری. "ئیعتدال" وهاوبەشیتی لەگەل ئەمریكای كافردا، بەپیویست "هەلبژاردن" دەكاتە ریبازیكی تاكتیكی لەپیناو چەسپاندنی شەریعەت وحوكمی ئیسلام لەدەستورو لەجۆری دەولەتیكدا كەبریارە بەدوای تەواوبوونی جەنگەكانی فەلوجەو نەجەف وكەربەلا بەهیمەتی دیموكراسی ئەمریكایی دامەزری. بەلام بۆ ئیسلامی سیاسی پیویست نییە لەریگای هەلبژاردنەوە بۆ كارنامەكەی بگەرینەوە. بزوتنەوەیەك كەخاسیەتەكانی سەرتاپا ئینسان كوژی ودژی مۆدیرنیزم وپیشكەوتنخوازیبیت، بزوتنەوەیەك كەلەئاست یەكسانی ومافەكانی ژنان و هەرجۆرە خۆشی وشادییەكی لاوان وهونەرو ئەدەبدا چاوی هەلنەیەت، بزوتنەوەیەك كەئینسان وكۆمەلگا یەخسیری قانون وشەریعەت وئابووری مەلاكان دەكات، دەتوانی چ نمونەیەكی رەشتر لەوەی كە لە ئیران وجەزائیر وسودان باشتر نیشانبدات كەپەیرەویان لیكراوە. ئیسلام و هەلبژاردن و دیموكراسی، وەك ئەوەی بتەوەی بەدوای ماف وحورمەتی ئینسانییەوە بیت، ئەفسانەیەكی پوچە وئەوەشی دەستەوتاقمەكانی ئەم بزوتنەوەیەی هیناوەتە نیو ئەم سیناریۆیەوە، تەنها وەرگتنی فرسەتیكی تاكتیكییە بۆخۆقایم كردن وهەستانەوەی ئیستراتیژی ئیسلامی سیاسی كەخوین وهەژاری و بیمافی لیدەتكی.

## ناسیونالیزمی كورد وحیزبەكانی،
## "هەلبژاردن" وریگا بەرەو بەغداد :

لەبارەی ناسیونالیزمی كورد وحیزبەكانی وەك یەكیتی وپارتیشەوە، سیناریۆی هەلبژاردنەكانی ئیستا وبەرنامەیەك كەبەهاوبەشی لەگەل"هیزە كوردستانییەكان"ی تردا نیشانی خەلكیان داوە، ناتوانی لەوە زیاتربیت كەئیستای خەلكی كوردستان بفرۆشن بەقیمەتی وەرگرتنی چەند كورسییەك لە ئەنجومەنی نیشتمانی داهاتوی دەولەتی عیراقدا. بەلام ئەمە تەنها رستەیەك نییە بۆدەربرین، بەلكو لەدەستدانی هەموو ئەو دەستكەوتەیە كەتائیستا بەدەست هاتووە.

خەلكی كوردستان بەدوای نیوسەدە لە قوربانی دان وتەحەمولكردنی ئەو هەموو كارەساتانەی كەلەدوتوی ستەمی نەتەوایەتیدا كرایە بەشیان، تەنانەت بەدوای 13 سال لەتەجروبەیەكی تال كەئەحزابی ناسیونالیستی كورد بەجەنگی ناوخۆ و31 ئابیانەوە كردیانە بەشیك لەمیژووی ژیانیان، ئەوەیان بەدەستكەوت هینا كەبەكردەوە بەدوور لە دەسەلاتی مەركەزی و حكومەتە قەومییەكانی لەعیراقدا بژین. خەلكی كوردستان 13سال تەحموولی دەسەلاتی عەشیرەتی و چەكبەدەستی حیزبەكانی تالەبانی وبەرزانیان كرد بەخاتری ئەوەی لەچاو رژیمی ناسیونالیستی بەعسدا تەنها "ئینتخاب" بوو، وە نەیان ویست جاریكی تر بچنەوە ژیر سایەی دەولەتیكەوە كە خەلكی كوردزمانی بەهاوولاتی پلەدوو پیناسەكردوە. بەلام ئەم حیزبانە بەخاتری پلەوپایە لەدەولەتی داهاتوی عیراقدا هەموو شتیك تەسلیم بەئەمریكاو هاوپەیمانی لەحیزب ولایەنە ئیسلامی و قەومییەكانی عەرەب دەكەن. ئەمانە خەریكن لەریگای هەلبژاردنەوە پرۆسەی ئیلحاقكردنەوەی كوردستان بەدەولەتی مەركەزییەوە پەیرەو دەكەن بەبی ئەوەی رای خەلكیان وەرگرتبیت. بەلام ئەمە كاریكی سەرسۆرهینەر نییە بۆكەسیك كەئاشنایەتی لەگەل كارنامەی ئەحزابی ناسیونالیستی كورددا هەبی، "بینایی چاوەكان بەرەو بەغدایە" ئەمە تەنها رستەی چەندپاتبووەوەی بارزانی وتالەبانی بووە لەچەند سالی رابردوودا، كەدیارە لەخورانەبووە. چاوچلیسی بۆرژوازی كورد وچاوتیبرین بۆبازاریكی سەراسەری ترو فراوانتر كەناوەندنی دەسەلات وسەرمایەو نەوت هیزی كاری هەرزان وهیلەكانی خۆبەستنەوە بەبانكی جیهانییەوە دابین دەكات، تەنها ئاسۆیەك بیت بۆكەلەكەی سەرمایە، بەپویست ناسیونالیزمی كورد وسەرانی حیزبەكانی كەدەمیان بۆ ئەم سەرچاوەیە ئاودەكات، دەگەیەنیتە ئەو هەلویستەی هەموو شتیك بخەنە پیناوەوە. شیعاری"یەكپارچەیی خاكی عیراق وفیدرالیزم"، كە هەم خەلكیان پیچەواشەكردووە و هەم كەوچكی "هیزەكانی هاوپەیمانیتی نیشتمانی وديموكراتی"یان پی خستۆتە یەك كاسەوە، كۆدیكی سیاسییە بۆ راگرتنی دەسەلاتی ئەمارەتەكانی ئیستای سۆران وبادینان وهاوبەشكردن لەم بازارەدا. بەلام ئەوەی لەم سیاسەتانەی ناسیونالیزمی كورد وبەشداری لەهەلبژاردنەكانی ئیستادا دەبی دەربكیشریت، ئەوەیە كەدەبی خەلكی كوردستان دووجار زەرەی خۆیان بسەلمین

یەکەمیان جاریکیتر ستەمی نەتەوایەتی وهاولاتی پلەدوویی خۆیان لەدەولەت ودەستوری داهاتوودا قەبوول بکەن و دووەمیشیان وەك هەرهاولاتییەکیتر لەعیراقدا سەربکەن بەکلاوی بیمافی ونەبوونی  وئازادییە فەردی ومەدەنییەکانیاندا وبەمجۆرەش لەبازنەی بۆشدا ژیان وچارەونووسیان بهینن و ببەن.

## تەڵەی "هەلبژاردن":

ئیستا بەدوای ئەم ئاماژانانەدا رۆشنە کەبەرنامەو ئامانجی لایەنەکانی بەشدار لەهەلبژاردنەکاندا، شتیك نییە پەوەندی بەبەرژەوەندی خەلکەوەبیت، تەنانەت هەنگاویك نییە بۆدەخالەتی جەماوەری لەسەر ریگای برینەوەی جۆری حکومەت وقانون وسیستەمی سیاسی لەعیراقدا. بەلکو ئەوەی هەیە سیناریۆیەکی فریوکارانەیە کە لایەنەکانی بەشدار دەیانەویت بەگەرانەوە بۆ رای خەلکی شەرعیەت بەداهاتوویەکی دژی خەلکی کەتییدا هاوبەشن بدەن. تەنانەت ئەو لایەنانەی بانگەشەی بەشداری لەهەلبژاردندا دەکەن، شایەنی ئەوەنین کەخەلکی دەنگیان پیبدات، چونکە ئەوانە حیزب و لایەنیکن بەپیچەوانەی ئاوات وئارەزووەکانی خەلکەوە دەجوولینەوەو خۆیان ناساندووە. بەلام ئەمە هیشتا هەموو ئەو راستییە نییە کە لەپشت هەلبژاردنەکانەوەیە. قسەی زیاتر لەمە ئەوەیە کەبلیین هەلبژاردن تەلەیەکە لەبەر پیی جەماوەری خەلکدا. چوونکە"هەلبژاردن ودیموکراسی" بەتەبیعەتی حال یانی راوەرگرتنی هەر4 سالجاریکی خەلك لەیەك رۆژدا بۆشەرعیەت پیدانی نوینەرانی حیزبی حاکم و ئۆپۆزسیۆن کەلەناوەرۆکدا جیاوازییان نییەو پاشان بچنەوە مالەکانی خۆیان وبەدیار سیاسەتی دژی ئینسانی هەرئەو حیزبەوە راوەستن کەدەنگی خەلکیان پیدراوە. بەلام ئەم حەقیقەتەی دیموکراسی لەسەر شیوەی عیراقییەکەی، تەلەیەکە بۆ بەستنی دەست وقاچی جەماوەری خەلك . تەلەیەکە بۆ یەخسیرکردنەوەی خەلکی عیراق لەژیر سایەی دەولەت ودەستوریکدا کەلەسەر بنەمای قەوم و تیرەو شەریعەتی ئیسلامی خۆی پیناسەکردووە و لەپشتیشیەوە ئەمریکاو داگیرکارییەکەی راوەستاوە.

خەلکی عیراق  کەلەفەزایەکی نائەمنی وتیرۆرو تەقاندنەوەدان وتەنانەت بووار بۆ ئەوکەسانەش نەماوە کەخۆیان کاندیدکردووە وینەکانیان لەدەرودیواربدەن، لەکۆمەلگایەکدا کە شەرو کاولکاری وداگیرکاری فرسەتی ئەوەی نەهیشتۆتەوە کەقسەیەك لەئازادی سیاسی وبەیان بکری ولایەنەکان بەرنامەی خۆیان ئاشکرابکەن و خەلکیش ئینتخابی ئازادانە وهۆشیارانەی خۆی بکات، لەسیناریۆیەکدا کەهیزکی دەرەکی وەك ئەمریکا بریاری داوە دەسەلات بەهەر نیسبەتیکی بەشداری دەنگەکانی خەلیکبیت لەنیوان ئەحزابی قەومی وئیسلامیدا دابەشبکات، ئەتوانی لەتەوق و تەلەیەك زیاتر چی بیت. تەوقو تەلەیەك کەدەیەویت دەولەت ودەستوری داهاتووی عیراق بەهەویەتیکی قەومی و ئیسلامییەوە بەئیمزاو رای خەلکی خۆیان شەرعیەت پیبدا.

خەلکی عیراق و کوردستان نابی خۆیان بەدەستی خۆیان تەوق بخەنە گەردنی خۆیانی، نابی لەم هەلبژادنەدا بەشداری بکەن، بەلکودەبی ئەوتەلەیەی کە ئەمریکاو لایەنگرانی دایان ناوە بەموقاتەعەکردنی هەلبژاردن بەسەروچاویاندا بتقەینن. خەلکی عیراق وکوردستان ئایندەیەکی تریان لەبەرە، هاتنە مەیدانی هیزی ملیۆنی ئەوان وەك ریزیکی سەربەخۆ لەئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیست وئیسلامی بەدەوری تەحریمی هەلبژاردنەکانی ئیستادا ئەتوانی ریگایەك بیت لەسەر ریگای دامەزراندنی دەولەتیکی مۆدیرنی جەماوەری چەپگەرا، کەلەسەر بناغەی هەویەتی کۆمەلایەتی ئینسانەکان و سەلماندنی ماف وئازادییە کانی جەماوەر، بەمافی خەلکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمیك بۆ بریاردان لەسەر داهاتووی خۆیان، دامەزرابیت..

2005/1/13